Revolutionareis Union of Kurdistan
secretariat

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
دەبیرخانە

# ڕوونکردنەوەیەك لە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە سەبارەت بە هەواڵێکی هەڵبەستراوی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران

ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێوەی ڕابردوو، ١٥ی ئاوریلی ٢٠٠٤، یەکێ لە سایتەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، لە ڕاپۆرتە هەواڵێکی داتاشراودا بەناوی "گیروگرفتەکانی پێکهاتنی بەرەیەکی کوردی"، کۆمەڵێك شتی ناڕاستی لەسەر پرسی بەرەی کوردستانی، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاوکردوەتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەواڵە داتاشراوەدا و تا ئەو جێگایەی بۆ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە، ڕادەگەیەنین کە:

١- تێکۆشانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان RUK بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردستانی، لەسەرداوا و "ڕاسپاردە"ی هیچ کەس و لایەنێکی کوردستانی و دەرەکی نەبووە. دروشمی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردستانی و حەولدان بۆی، لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی RUK وە، بەشێك بووە لە ناسنامەی سیاسیی RUK. لە ڕاگەیەندراوی دامەزرانیەوە تا ئێستا بەردەوام بانگەشەی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کردوە و داهێنەری ئەو چەمکە و هێندێ چەمکی دیکەی وەك ستراتیژیی سەربەخۆیی، فیدرالیزم بۆ قۆناغی ئێستا و دیپلۆماسی یەکگرتووی نەتەوەیی کوردی و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان، لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و ئێستاش بە زەرورەتێکی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی دەزانێ و خەباتی بۆ دەکا.

٢- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەهەموو ڕێز و حورمەتێکەوە کە بۆ دۆستانی لە حیزبە کوردستانییەکانی دادەنێ، لەسەر هیچ بابەتێك، نەلە ئێستا و نە لە ڕابردوودا، لە هیچ کوێ، بە هیچ کەس و لایەنێکی دۆستی نەگوتووە و ناڵێ کە: "هەر بڕیارێ بیدەن قبوڵی دەکا". هەر جۆرە کار و هەنگاوێکی هاوبەشی RUK لەگەڵ دۆستانی، چ دوو لایەنە و چ فرە لایەنی، لەسەر بناغەی ڕێککەوتنە.

www.kurdistannet.org

بڵاوکردنەوەی هەواڵی لەوجۆرە، بەنیازی بڵاوکردنەوەی تووی گومان و دوو دڵی، شێواندنی ڕاستیەکان و نانەوەی ئاڵۆزی و سارد کردنەوەی هێزە کوردستانییەکان لە تێکۆشانیان بۆ هاوکاریی و پێکهێنانی ئیئتلاف یان بەرەیەکی کوردستانییە.

دیارە باشترین وەڵام و گرینگترین هەنگاو بۆ پووچەڵکردنەوەی نیاز و پیلانەکانی دوژمنان، بەهێز کردنی پێوەندیی دۆستانە، یەکخستنی گوتاری سیاسیی کوردستانی و پێکهێنانی ئیئتلاف یان بەرەیەکی کوردستانییە.

دەبیرخانەی
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
٨ی گوڵانی ٢٧٠٤
٢٧ی ئاوریلی ٢٠٠٤

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com